# ئاڵای سپی لە بەرامبەر سەرۆک تاڵەبانیدا !!

## رێبوار ئەحمەد لەسەرەتای رێگایەکدا کە کۆتایی بە دووی خورداد* هێنا

نووسینی : حەمید تەقوایی
وەرگێرانی: عبدول گوڵ پەریان

لەم دوایانەدا رێبوار ئەحمەد رابەری حزبی " کۆمۆنیستی کرێکاری" عێراق  بە دەرکردنی بەیانامەیەک لە ژێر ناوی " دەربارەی کێشمەکێشی نێوان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و یەکێتی نیشتمانی کوردستان"راگەیاندوە کە بەشێوەیەکی رەسمی و یەک لایەنە کۆتای بەکێشمەکێش و ناکۆکی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا دەهێنێ و هەروەها لە یەکێتی نیشتمانی داوا دەکات کە " بە ئازادی سیاسی پابەند بێت و بەسیاسەتی شەڕئەنگێزی و رێگری دروست کردن بۆ کارو هەڵسوڕانما ن بهێنێت و مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم سیاسەتەی ئێمە دا بکات " !

ئەم بەیانامەیە بە خۆێنەر وێنەک پێشان دەدات کە گوایە دوو هێزی نادەوڵەتی توشی کێشەیەک و شەرێکی سەربازی لەگەڵ یەکدا بوون و ئێستا یەکێک لەم هێزانە بەهۆی هەست بەمەسۆلیەت و "کردنەوەی فەزایەیکی سیاسی لە کوردستان دا" بە هێزەکەی تر ئاگربەستی  یەک لایەنە ڕادەگەیەنێ! بەڵام بۆ کەسێک کە ڕەوتی ئاڵ و گۆڕەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە کوردستانی عێراق و جێگاو رێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و یەکێتی نیشتمانی لەم ئاڵ و گۆڕانە ئاگاداریەکی هەبوو بێت ، ئەم ڕواڵەتە بەتەواوی تەزویرکراو و بێ پایەیە .

نەیەکێتی نیشتمانی لەم چەند ساڵەی دوایی دا هێزێکی ئۆپۆزسیونی نادەوڵەتی بووە نە لە بنچینەدا لە هیچ دەورەیەکدا جەنگ و کێشمەکێشی سەربازی لە نێوان ئەم دوو هێزەدا لە ئارادا بووە . شەڕێک کە بوونی نیە ناکرێت کۆتایی پێ بێنی!حیزبی ڕێبوار هیچ کاتێک لەگەڵ یەکێتد نیشتمانیدا شەڕی ڕانەگەیاندو ە تا ئێستا بیەوێ راوەستانی شەڕ ڕابگەیەنێت! ئەگەر شتێک کۆتایی پێ هاتووە ئەوە چالاکی سەربازی نیە لە گەڵ حزبێکی ئۆپۆزسیونی تر بەڵکو چلاکی سیاسیە لە دژی دەوڵەتی دەسەڵاتدارد ا .دۆستە کۆنەکانمان خۆیان باش دەزانن دەڵێن چی .زبانی بە سەرو سەدای " ئاگەربەستی یەک لایەنە" و " کۆتایی هێنان بە فەزای شەڕ" و "هەست بەمەسۆلیەت کردن" و... بەکارهێنراو ە تا لاوازی و شەرم هێنەری ئەم هەڵوێستە سیاسیە سازشکارانەی ە بشارێتەوە .

مەسەلەکە بەئاسنی ئەمەیە، حزبی رێبوار بە کردەوە و بەرەسمی مەبەستی ئەوەیە کە دەوڵەتی پێکەوە نراوی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی کە یەکێتی نیشتمانی لە هەردووکیاند ا هێزێکی تەوەرەیە ، بڵێ ئەیەوێ ئۆپۆزیوسێنی کی ژێرو گۆی لەمستی ئەوان دەبێت .ئەیەوێ لە رەخنەو رسواکردنی دەوڵەتی دروست کراوی قەومی _دینی لە عێراق و کوردستان هەڵبگرێت و " لە فەزایەکی ئارامی سیاسی دا " چالاکی بکات .ئەم بەیانامەیە دەڵێ ئەگەر یەکێتی ئەم ئاگەر بەستە قبوڵ نەکات " بەرپرسی درێژە پێدانی ئەم

فەزایە بەتەواوی لە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانیدای ە". ئەمە بەڕوونی بەو مانایەیە کە گوایە تاکو ئەمڕۆ ئەم بەرپرس بوونە لە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی نەبووە .بە زبانی بێ زبانان ئەمە بەو مانایەیە حککع یش بە هۆی توندڕەویی و رادیکتالیزم ەکەیەوە بەرپرسیار بووە .( رادیکالزمێ ک کە ئەمڕۆ ئیتر نەک لە حزبی رێبوار بەڵکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق نمایەندەیی دەکات). بەم بەیانامەیە حککع قەول دەدات " لەفەزایەکی سیاسی ئارامدا" چالاکی بکات و لە یەکێتی نیشتمانی داوادەکات ئەم گۆڕان کاریە سیاسیە لەبەرچاو بگرێت وە بە حککع ئیجازەی چالاکی سیاسی لەم شێوەیە بدات .

ئایا سیناریۆیەکی ناسراو نیە؟ دوو خردادیەکانی عێراق دەیانەوێ بە دەوڵەتی سیناریۆی ڕەشی کوردستان و عێراق پەیمانی ئەوە بدەن کە لە نافەرمانی مەدەنی زیاتر ناڕۆن . دەیانەوێ بە بەرەی هاوبەش نامەی سەر ئاوالا بنووسن و بە سەرۆک تاڵەبانی ، خاتەمی عێراق ئاگر بەستی سیاسی دەڵێن!ئەمە تەواوی ماناو ناوەڕۆکی بەیانامەکەی ە کە ناشارەزایان ە لە ژێر پەردەی ئاگری بەستی یەک لایەنەدا ڕاگەیاندراو ە .

سەرەتا بەیانامەکە ئاوەها دەست پێدەکات "ساڵی 2000 لە ئەنجامی هاتنەکایەوە ی کۆمەڵێک ئیختلافاتی سیاسی لە نێوان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، دوای چەند مانگ بەهانەگرتن و بێنەو بەرەی سیاسی ، سەرنجام رۆژی 14ی تەمووزی 2000، پاش بەرێوەچوونی گفت و گۆ لە نێوان وەفدی رابەری هەردوولا و رێکەوتن لەسەر چارەسەری سیاسیانەی کێشەکان ، یەکێتی نیشتمانی هێرشێکی چەکدارانەی کردە سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ، بەم جۆرە یەکێتی نیشتمانی ئیختلافاتی سیاسی کێشایە مەیدانی شەڕو بەرامبەرکێ ی چەکدارانە لە گەڵ ئێمەدا". لە ماوەی 5 ساڵ و چەند مانگی ڕابردوودا بە هۆی سووربوونی یەکێتی لە سەر سیاسەتی شەڕخوازانەو سەرکوت و ڕاونان بەرامبەر حزبی ئێمە و لە ژێر پێنانی ئازادی سیاسی ، تا ئێستا بەرامبەرکێ و بارگرژی هەر درێژەی کێشاوە لە نێوانماندا" .

بەڕاستی قێزەونە. لە ساڵی 2000 وە دەوڵەتی پێک هێنراوی ناسیۆنالزمی کورد کە بەدوای شەری یەکەمی کەنداودا و لە ژێر چەتری ئەمەریکاو هاوپەیمانەک انی بەدەسەڵات گەیشت بوو، هێرش دەکەنە سەر بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ئەم سەرکوت گەری و فشارهێنانە پۆلیسی یە هەر درێژەی هەیە. ئەمڕۆ لە بەرامبەر ئەم وەزعەدا دۆستانی مەسڵەحەتچی ئێمە بەو سەرنجامە گەیشتوون کە بەیانامە دەربکەن بەمیللیتارێ زەکردنی گەیاندنی ئیختلافاتی سیاسی و نەهاتنە خوارەوەی یەکێتی نیشتمانی لە هەڵوێستی شەڕخوازانەی گلەیی و گازندە بکەن! لە ڕواڵەت دا کێشەکە لە سەر" بڕێک ناکۆکی و کێشەی سیاسی "یە و دەتوانرا بە گفت و گۆ وەلا بنرێت و یەکێتی نیشتمانی بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕو ناشارازایی خۆیەوە لە گرتنە بەری رێگا چارەی سیاسی خۆی لابدا .

دەوڵەتی بێ پایەی تاڵەبانی_ بەرزانی لە کوردستانی عێراق هەر لەو کاتەوەی هاتووەتەسەر کار تا ئەمڕۆ ، نوێنەر و میکرۆبی تەواو عەیاری کۆنەپەرستی دینی _ناسیۆنالستی ; بووەو حککع تا ئەو کاتەی

**دەستی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری هەڵنەگرتبو و ، ڕەخنەگر و رسواکەری چوست و چالاکی ئەو کارساتانە بوو کە سیاسەتەکانی قەومی _دینی دەوڵەتی نۆی لە دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان وەبەتایبەت ژنان لە کوردستان پێکی هێنابوو.بەم بۆنەوە بوو فعالینی حککع خرابوونە ژێر جۆرەها زەخت و زۆر و رێگریەوە .ئەمە کورتەیەکە لە ناوەڕۆکی " هێندێ ناکۆکی کێشەکان" کە لە ڕووکەشدا دەتوانرا بە شێوازی ئاشتیخوازان ە چارەسەر بکرێت و یەکێتی نیشتمانی رێگەی نەدا!**

**بەیانامەی ئەمڕۆی رێبوار لە واقع دا راگەیاندنی هاتنە خوارەوەی لە سیاسەتی رادیکاڵی دوێنێی خۆیەتی .یەکێتی نیشتمانی هەر ئەو هێزە کۆنەپەرستەی ە کە هەمیشە کۆنەپەرستی خۆی پێشان داوە .ئەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە کە گۆڕاوە .عاقڵ و گوێ لەمست و ئاشتی خوازەبووە و سەرپێچی مەدەنی لەبابەت دووی خوردادی بەخۆیەوە گرتوە .بەیانامەی درۆزنانەی رێبوار، راگەیاندنی بەرەسمی ئەم هەڵگەڕانەو ەیە لە چەپ بۆ لای راستە .ئاگر بەست و کۆتایی پێ هێنان بە کێشە و فەزای مللیتارستی و وەفاداری یە بەپێک هێنانی فەزای سیاسی و....کە ئەم بەیانامەیە پڕە لەم لە جۆرە دەربڕینانە. هەموو ئەمانە بە زبانێکی ڕۆشنی سیاسی بە مانای دەست هەڵگرتنە لە سیاسەتی ڕەخنە گرانە لە دژی ناسیۆناڵزم ی کورد، و سازش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی و دەوڵەتە هاوشێوەکەی لە کوردستاندا!ێ ;ەم بەیانامەیە لە واقیع دا ڕادەگەینێ کە حککع لە هەڵوێستی پێشوی خۆی دابەزیوە و نۆرەی یەکێتی نیشتمانیە لە هەڵوێستی خۆی بێتە خوارەوە .**

**شەڕی حککع لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانیدا ئەو کاتەی کە ئەم حیزبە هێشتا بە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەفا دارمابووەوە ، جگە لە ڕەخنەو رسواکردنی سیاسەتە دژی خەڵکی یەکانی دەوڵەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شتێکی تر نەبوو .ئەمڕۆ ئەم  سیاسەتە کۆنەپەرستان ەی یەکێتی نیشتمانی نەک تەنیا کەم نەبووەتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە بەڵکو بە دوای شەڕی دووەمی عێراق دا و بەسەرۆک بوونی جەلال تاڵەبانی لە دەوڵەتی دەست کردی سەرو کۆنەپەرستی عێراق دا ، پان وبەرینیەکی بێ وێنەی زیاتری بەخۆوە گرتووە .ئەگەر رێبوار لە خەتی کۆمنیزمی کرێکاری و مەنسور حکمەت لای نەدابایە، لە ئەساسدا دەبوایە ئەمڕۆ ڕەخنەو رسواکردنی ناسیۆناڵزم ی کورد و کێشمەکێش لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و مەحەللی ئەم ناسیۆناڵزم ە بەشێکی لێک هەڵپێکراو زۆر زیادی بکردایە .بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە بەشی زۆری حککع بەدوای جیابوونەوەی باڵی ڕاست لە حزبی ئێمەدا ، لە مەنسوری حیکمەت و جیابوونەوە و ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری بەتەواوی کەوتووەتە دەست حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق .ئەم دوا بەیانامەیە باڵاترین راست ڕەویەکانی ئەو کاتانەی دوای جیابوونەوەی حزبی رێبوارەو بەڵگەیکی ترە بۆ بەرحەق بوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق .بەیانامەی سازشکردن لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە واقع دا سەرنجامی مەنتیقی و خۆلێ دەربازنەبوو ی خەتی راستە کە رێبوار ئەحمەد و رابەری حککع بەپەیڕەوی لە سیاسەتە ڕاست ڕەوەکانی کۆرشی مودەرسی گرتویانەتە بەر .**

**ئەمڕۆ رێبوار ئەحمەد لە سەرتای رێگایەکدا ڕاوەستاوە کە کۆتایی هێنا بە ئۆپزسیونی دووی خورداد لە ئێران .لەم هەل و مەرجەدا هاوتەریبی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی قەومی_ دینی دەست کردی ئەمریکا لە عێراق و کوردستانی عێراق دا ،ئەرکی رسواکردن و ڕەخنە گرتنی شێلگیر لە ئۆپۆزسیونی**

**جۆری دووی خردادی ئەم دەوڵەتە بەتەواوی کەوتووەتە ئەستۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق .**

---

- **دووی خورداد ڕەوتێکی سیاسی بن بەستی قومی مەزهەبی متوەهیم بە خاتەمی و باڵی ئیسلاحی جمهوری ئیسلامیە**
- **ئەم ووتارە لە لایەن "عبدول گولڵ پەریان" ەوە لە ژمارە ئینترناسیۆن الی 115 ەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی**